# ڕێنووسی یەکگرتووی ڕۆژنامەی هەولێر

ئامادەکردن: محەمەدئەمین ڕستگار

٢٧١٤ی کوردەواری

بەڕێزان! خۆشەویستان!

ئەوەی لێرەدا خراوەتە بەر دەستی جەنابتان، بەرهەمی زەحمەتی کەڵەکانی بواری ڕێزمان و ڕێنووسی زمانی کوردییە؛ ئەو زمانەوانانەی کۆڕی زانیاری کوردستانیان دامەزراند و، بێوچان بەرهەم و لێکۆڵینەوەی خۆیانیان لە دووتوێی گۆڤارە بەپێزەکەی کۆڕی زانیاردا بڵاو دەکردەوە، لە پاڵ وردبوونەوە لە بناغەی ڕێزمان، هەوڵێکی چڕوپڕیشیان داوە بۆ ئەوەی ڕێنووسێکی وەهامان بۆ ڕێک بخەن، بە جوانی سیمای ڕێزمانی کوردیمان بداتە دەستەوە؛ جا لەو پێناوەدا ماوەماوە نامیلکەی ڕێنووسیان بڵاو کردووەتەوە و، ئەرکی سەرشانی ئێمەیان گەلێ سووکتر کردووە؛ ناڵێم هەموو، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری گرفتەکانی ڕێنووسیان چارە کردووە، ئیتر بە سەلماندن و بە گوێرەی ڕێزمان بووبێت، یان بە سازشت و ڕێککەوتن، گرنگ ئەوەیە ڕێنووسێکی پوختیان بۆمان پێک هێناوە؛ ئەگەر لێرەولەوێیش وردەکەلێنێکی تێدا مابێت، بایی ئەوەندە نییە پەکمان بخات و، بیکەینە بیانوو بۆ هەڵەنووسین. هیچ زمانەوانێکیش بە تاقی تەنیا ڕێنووسێکی باشتر لەوەی کۆڕی نەخستووەتە بەر دەست؛ کەواتە با وردەحەزی خۆمان بنێین بە لاوە و، بەو ڕێنووسەی کۆڕ بنووسین. بەندە خۆیشم هەشت ساڵە لە ڕێنووسی زمانی کوردی ورد دەبمەوە و، هەندێ لە سەرنج و تێبینییەکانی خۆیشمم خستووەتە دووتوێی ئەم نامیلکەیەوە.

**چۆن بنووسین و، چۆنی نەنووسین؟**

١. چاوگ ـ با لێکدراویش بێ ـ هەموو کەرتەکانی پێکەوە دەنووسرێت؛ بۆ نموونە: دەستنیشانکردن، ئاوخواردنەوە، ئاشتبوونەوە.

٢. چاوگی لێکدراو کە چووە دۆخی گەردانەوە لەو شوێنەوە وا جێناوی پێوە دەلکێ جیا دەکرێتەوە (بە گوێرەی دۆخی ڕابردووەکەی شوێنی جیاکردنەوەکەی دەستنیشان دەکەین)؛ دەستنیشانم کرد (دەستنیشان دەکرێت)، ئاو دەخۆمەوە (ئاوم خواردەوە)، ئاشتیان بووەوە (ئاشت دەبنەوە).

- تێبینی: هەندێ چاوگی سێبەشە هەنە، لە کاتی گەردانکردندا لە دوو شوێنەوە (جێناو) وەردەگرن، کەواتە لە کاتی گەردانکردندا لە هەردوو شوێنەکەوە جیای دەکەینەوە. وەکو

دەستپێکردن (دەستمان پێی کرد؛ دەستمان پێ کرد)، دەستپێداهێنان (دەستی پێیدا هێنا)، دەستلێدان (دەستی لێی دا؛ دەستی لێ دا).

- پێگەیشتن؛ دوو واتای هەیە؛ ١. ڕەسین و هەراشیان؛ ٢. گەیشتنەدەست؛ بۆ نموونە:

ــ کوڕەکە پێگەیشتووە؛ ئەگەر پێشگری (پێ) لە گەیشتووەکە جیا بکەینەوە، واتای ڕستەکەمان تێک دەچێت. پێچەوانەی نموونەکەی خوارەوە.

ــ هەواڵێکم پێ گەیشتووە. ئەگەر داچەکی (پێ)، بلکێنین بە گەیشووەکەدا، واتای ڕستەکە تێک دەدەین، ڕێک پێچەوانەی نموونەکەی سەرەوە.

٣. ئەو چاوگە داڕێژراوانەی بە پێشگری (وەر، دەر، دا، هەڵ، ڕا) داڕێژراون، لە کاتی گەردانکردندا ئەگەر جێناوی لکاویان کەوتە بەین، بەشەکەی دی بە جیا دەنووسرێت.

هەڵم گرن، وەری‌بگێڕەوە، دامان‌بەزێنە، دەری‌بکەن، ڕایان‌بگرە

سەرنج: کە جیامان کردەوە بە ئەندازەی نیومەودا لێکیان جیا دەکەینەوە نە یەک مەودا؛ واتە ڕێک لە پاڵ یەکدا دەیاننووسین، بەبێ ئەوەی تێکەڵ ببنەوە؛ جا ئەو نیومەودایە چۆن دابنێین؟ دوو ڕێگای هەیە:

١. ئەو بەڕێزانەی بە تەختەکلیلە باوەکان دەنووسن، دەتوانن بە کلیلی (کۆنترۆڵ) و کلیلی خیزەک (ئاندرلاین)، کارەکەیان بکەن؛ (-) + (Ctrl)

٢. ئەو بەڕێزانەیش وا بە تەختەکلیکی یوونیکۆد دەنووسن، دەتوانن بە کلیلی شیفت (Shift) و، پیتی (H)، ئەو نیومەودایە دابنێن.

تێبینی: چاوگی 'ڕاگەیاندن' لە بەشی سیاسەتدا زۆر پات دەبێتەوە؛ دەشێ ئەگەر جێناوی لکاو (چالاک) هاتە بەین، دوو کەرتەکەی جیا بکەینەوە، ئەڵبەت بە نیومەودا نەک مەودای تەواو؛ فلان ڕای‌گەیاند (نەک ڕای گەیاند)، ڕایان‌گەیاند (نەک ڕایان گەیاند)، ڕای‌دەگەیێنن (نەک ڕای دەگەیێنین).

۴. جێناوگەلێکی وەک (ئەم، ئەو، ئەڤ) ئەگەر ئاوەڵکاری (کات یان شوێن)ـیان بە دوادا هات، پێیانەوە دەلکێن: ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەمجار، ئەمبەروئەوبەر، ئەڤڕۆ.

۵. داچەک (پۆستپۆزیشن)ـی (دا، ڕا، وە، ەوە) بە وشەی پێش خۆیانەوە دەلکێن:

لە دڵدا؛ خەمێکم لە دڵدایە.

ماوەیەکە لە هەندێ ڕاگەیاندندا بە جیای دەنووسن؛ بۆ نموونە لە ژمارە ۲۰۰۱ـی ڕۆژنامەی هەولێر (ئەم ڕۆژنامە حازرییەی خۆمان) سەردێڕێکی ئا وەهامان هەبوو:

"لایەنە سیاسییەکان لە وەڵامی یەکێتی ـدا: نابێ کەس موزایەدە بە هاوکاریی کۆبانێ ـوە بکات."

سەرنجی (یەکێتی ـدا) و (کۆبانێ ـوە) بدەن! من بەشبەحاڵی خۆم هەرچییەک هێنام و بردم، نەمزانی بۆ وایان کردووە؛ ئاخر ئەگەر پێیان وایە داچەک (پۆستپۆزیشن)ـی (دا) و (وە) دەشێ بە جیا بنووسرێن ئیتر ئەو کلکە چییە بە پێشیانەوە؟ ئەمە کاری هەر بەڕێزیک بێ، بەبێ گەڕانەوە بۆ کتێبان و، بەبێ سەلمێنە، ئەمەی سەپاندووە. ئەوپەڕەکەی ئەگەر پێیان ناڕاستە دەکرێ ئەو (دا) و (وە) بە نیومەودا بنێنە پاڵ وشەی پێش خۆی، وەکچۆن ڕۆژهەڵاتییەکان وا دەکەن؛ یەکێتیدا، کۆبانێوە؛ ئەڵبەت ئەوان هەر بۆ (دا)یەکە وا دەکەن. هەرچۆنێک بێ، دەمورِاوێژی کورد وا نییە و، هەمووومان لە کاتی دەربڕیندا یەکەوسەر لەگەڵ وشەی پێش خۆیدا دەریدەبڕین. نازانم ئەو بەڕێزەی ئەم داهێنانە شپرزە پڵمژاوەی داسەپاندووەو بۆ وای کردووە؟! زمان کاری سیاسەتمەدار نییە، هەروەکچۆن سیاسەتیش، کاری زمانەوان نییە، مەگەر کەسێک خوا لە هەردوو لاوە بەشی دابێت.

سەرنج: (دا)ی کار جیاوازە لە (دا)ی داچەک؛ ئەو (دا)ی کارە قەدی چاوگی (دان)ـە و، نالکێ بە هیچەوە؛ نموونە:

تیرێکی لە دڵی دا؛ تیرێکی لە دڵ داوم؛ (دا) لێرەدا کارە و، سەربەخۆ دەنووسرێت.

تیرێکم لە دڵدایە؛ (دا) لێرەدا داچەک (پۆستپۆزیشن)ـە و، دەلکێتە پاشەڵی وشەوە.

سەرنجێکی ئەم دوو ڕستەیە بدەن: "لە دەستمدا بوو"، "لە دەستم دابوو."

ڕستەی یەکەم واتە شتێکم لەناو دەستدا بوو، دووەمینەکەیان واتە لە کیسم چووبوو؛ ئەو نموونەیشە شتێکی باشە بۆ ئەوەی فەرقی (دا)ی داچەک و، (دا)ی کار بزانین و، لە شوێنی خۆیاندا دایانبنێین.

٦. (و)ی پەیوەندی نە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێت، نە بە وشەی پاش خۆیەوە؛ من و تۆ، ئارەزوو و وریا.

- تێبینی: لە ڕستەی مەرجداردا، نابێ واوی پەیوەندی بخەینە بەر یان دوای ئامرازی مەرجەوە؛ بۆ نموونە: من ناچم، ئەگەر ئەو نەچووبێ؛ هەڵەیە گەر وای بڵێین: من ناچم و، ئەگەر ئەو نەچووبێ! ئەو واوەی بەر لە وشەی ئەگەر دەرکەوتووە، نابەجێ دەرکەوتووە.
- سەرنج: لە هەندێ وشەی لێکدراودا واوی پەیوەندی بووەتە بەشێک لە وشەکە و، لە هەردوو لاوە دەشێ بیلکێنین؛ کاروبار، دەنگوباس، ئەلفوبێ، هاتوچۆ، هەڵسوکەوت، دانوستان؛ دەشێ وریا بین ئا وەهایان نەنووسین: هاتووچۆ، ئەلفووبێ، دەنگووباس، کارووبار، هەڵسووکەوت، دانووستان. وریا بن دانوستاندنیش قورسکردنێکی بێخودە و، هەر دانوستانەکە باشترە.
- سەرنج: ئەگەر نیشانەی بینۆک (فاریزە) دانرا، دەشێ پاش واوی پەیوەندییەکە دایبنێین، نەک بەر لە واوەکە؛ بۆ نموونە:

ـ خۆم و، خۆت

٧. (ڕ) کە قەڵەو بوو هەمیشە چوکڵەکەی لە بن دادەنرێت، با لە سەرەتای وشەیشەوە بێ؛ بۆ نموونە: ڕاست

وای دەنووسین: ڕاست

وای نانووسین: راست

٨. نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بە هۆی (ی)ـوە دەکرێت، کە دەلکێتە پاشەڵی ناوەکەوە؛ پێنجوێنی، هەولێری، دهۆکی، شێخانی.

نموونەی دی:

ـ یارمجە دەبێتە یارمجەیی

ـ دووزخورماتوو دەبێتە دووزخورماتوویی

ـ شنۆ دەبێتە شنۆیی

ـ ئاکرێ دەبێتە ئاکرێیی یان ئاکرەیی

ـ لادێ دەبێتە لادێیی

ـ ئەحمەدئاوا دەبێتە ئەحمەدئاوایی

**سەرنجێکی گرنگ:** هیچ کوردێک تا ئێستا بە کابرایەکی خەڵکی **ئەحمەدئاوا** نەیگوتووە: **ئەحمەدئاوی**! ئیتر نازانم هەندێ لە ئازیزان بۆ بە کابرای خەڵکی **ئەمەریکا** دەڵێن **ئەمەریکی**؛ یان بە کابرای خەڵکی فەرەنسا دەڵێن فەرەنسی؛ ڕەحمەتی **مەسعوودمحەمەد** لە کتێبی ڕێنووسەکەیدا دەفەرمێ کەس بە کابرایەکی خەڵکی (**ئاڵیاوا**)ی، نەگوتووە **ئاڵیاوی**؛ تا بووە هەر گوتوویانە کابرای **ئاڵیاوایی**.

چار چییە؟ یان ئەوەتانابێ لە ڕاستەڕێی زمانی کوردی لا بدەین و، بڵێین "ئەمەریکایی" و فەرەنسایی" یان دەشێ واز لەو گشتە ئەلفە بهێنن لکاندوومانەتە پاشەڵی ناوی وڵاتانەوە؛ بۆ نابێ بە فەرەنسا بلێین فرانس؟ لە نووسینی هەندێ زمانەوانی کوردیشدا دیومە بە 'فرانس'ـیان نووسیوە؛ ئینجا کە یائی نیسبەتیشی پێوە بلکێنین دەبێتە فرانسی، دەربڕین و ڕاوێژەکەیشی ئاسانترە؛ پۆڵەند و هۆڵەند و بەلجیکیش هەروەتر. نەخاسمە خەڵکی فەرەنسا خۆیان ئەو ئەلفە نالکێنن بە دووچکەی ناوی وڵاتەکەیانەوە، کارم بە عارەبانەوە نییە، خوای دەکرد ئەلفێکی دووفلیقانەیان پێوە دەنووساند.

سەرنجێکی دی: کە ئاوەڵناوێک دەدرێتە پاڵ کەسێک یان بزوێنێک (ە) دەکەوێتە نێوان ناوەکە و ئاوەڵناوەکەیەوە، یانیش هیچ؛ بۆ نموونە:

بارزانی نەمر، مەسعوود بارزانی، جەلال تاڵەبانی

- ئەو بەڕێزانەی وا (بارزانی نەمر) دەکەنە (بارزانیی نەمر)، لە بەلاش وای لێ دەکەن. نموونەی تریشمان زۆرە؛ هەژار موکریانی، حەسەن زیرەک، شێخە شەل، هێمن موکریانی، کوڕە کەچەڵ؛ ڕەنگە بڵێن ئەی یائەکەی (ئەحمەدی خانی) و (حاجی قادری کۆیی) لە کوێوە هات؟! لە کرمانجییەکەی ژوورنگدا، (یێ) نیشانەی نێرایەتییە و، خۆیان دەڵێن (ئەحمەدێ خانی)، (حاجی قادرێ کۆیی)؛ لە دەرەوەی هەرێمی سلێمانییشدا هێشتا فەرقی نێر و ما دەکەن، بۆ نموونە دەڵێن: "بە فاتمێ دەڵێم، بە ئەحمەدی ناڵێم"، فەرقەکە ئەوەندەیە لەو ناوچەیەدا (ی) نیشانەی نێراتییە و (ێ) نیشانەی مایەتی. یان چوومە دەشتێ، ناچمە شاری. یان لە سەفینی ڕادەمێنم؛ شار و سەفین خراونەتە بازنەی نێرانەوە، دەشتەکەیش مێیە. جا کە دەڵێن ئەحمەدی خانی یان قادری کۆیی، ئەو یائە نیشانەی نێرایەتییە و بەس؛ وشەی خوایش هەروەتر، دەڵێن: بە خوای بە خوای. هەرچۆنێک بێ ئێستاکانێ لەم سۆرانییە باوەی نووسیندا فەرقی نێر و ما ناکەین.
- ئەگەر ویستمان ناوی کەسێک و ناوی باوکیشی بهێنین، ئینجا (ی) دەکەوێتە بەینیان؛ حەمەی حاجی مەحموو؛ یانی کاکە حەمەی کوڕی حاجی مەحموو، سوورەی باجی ئامین، واتە سوورە کوڕی باجی ئامین. لە بەری ڕۆژهەڵات خەڵکەکە چاویان بڕیوەتە فارسەکان لە بەلاش (ی) دەخەنە بەینی ناوەکەیان و پاشناوەکەیانەوە! کەچی پاشناوەکەیان جۆرە ئاوەڵناوێکە؛ لە بەری باشووریشدا لە سای سەر عارەبانەوە (ی)یەکە دەقرتێنن، کەچی ناوەکەی پاش ناوەکەی خۆیان، ناوی باوکیانە؛ ڕۆژهەڵاتییەکان دەشێ بیقرتێنن، دایدەنێن، باشوورییەکان مەشیایە دایبنێن، دەیقرتێنن!
- بەشی وەرزش زوو زوو ناوی وەرزشوان دەهێنن و، دەیدەنەوە پاڵ شار و وڵاتەکەی؛ بۆ نموونە ڕۆناڵدۆ 'بەرازیل'ی، زێدان 'فرانس'ی (ئەگەر بەو وڵاتە بڵێین فەرەنسا، ئینجا دەبێتە زێدان فەرەنسایی)، بێکهام بەریتانیایی؛ نابێ نووسەر بیانکاتە ڕۆناڵدۆ**ی** بەرازیلی، یان 'زێدان'**ی** فرانسی، یان 'بێکهام'**ی**بەریتانیایی؛ ئەو یائە، زیادەیە و، ناشێ بخرێتە پاش ناوی یاریزانەکەوە.
- دەستەواژەی **یەکیەتیی جیهانیی تۆپانێ**، ڕاستەکەی هەر وایە کە جیهانییەکە بکەوێتە پێش تۆپانێکەوە، نەک بڵێین **یەکیەتیی تۆپیپێی جیهانی!**
- هێرشبەری ئۆرگوایی یانەی بەرشلۆنە (لویس سوارێز)، داڕشتنێکی هەتا بڵێی ناقۆڵایە؛ مەبەستیشی ئەوە بووە بڵێ: **لویس سوارێز، هێرشبەرە ئۆرگواییەکەی یانەی بەرشلۆنە.** بەشی وەرزش! تکایە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەن؛ واز لەو داڕشتنە سەیروسەمەرانە بهێنن.

- ئەگەر کەسێک لە نەتەوەیەکە و، دەمانەوەی بیدەینەوە پاڵ نەتەوەکەی خۆی، نە ناوی کابرا (ی) وەردەگرێ، نە ناوی نەتەوەکەی، کە ئێستا بووەتە ئاوەڵناو بۆ ناوەکە؛ بۆ نموونە:

ـ 'سەلمان'ـە فارس؛ ئەوانەی دەیکەنە سەلمانی فارسی لە دوو لاوە تێکەوتوونە. فارس خۆی ئاوەڵناوە بۆ سەلمان و، کە یائت پێیەوە لکاند لە ئاوەڵناوەتی دەیخەیت! ڕێک وەک ئەوە وایە لە جیاتی (تەیموورە شەل)، بڵێین تەیمووری شەلی! 'تەیمووری شەل'یش هەر هەڵەیە.

ـ کابرایەکی تورک هاتبوو؛ هەڵەیە بڵێین کابرایەکی تورکی هاتبوو. کورد، تورک، فارس، ڕووس، ئینگلیز، ئەڵمان، ئەمانە هەرهەموویان ناوی نەتەوەنە و، ئەگەر بمانەوێ باسی کابرایەکی لەو نەتەوانە بکەین، ئیتر یائی نیسبەتی پێ ناوێت؛ کەواتە: کابرای کورد (نەک کوردی)، کابرای فارس (نەک فارسی)، کابرای ڕووس (نەک ڕووسی)، کابرای ئینگلیز (نەک ئینگلیزی)، کابرای ئەڵمان (نەک ئەڵمانی)، بیگرە و بەری مەدە.

ـ کە باسی ئەرتەش (سوپا) یان پەرلەمان یان دامودەزگای وڵاتێک دەکەین، نابێ یای نیسبەت بلکێنین بە انوی وڵاتەکەوە؛ بۆ نموونە: پەرلەمانی ئێراق (نەک پەرلەمانی ئێراقی)، سوپای ئێراق (نەک سوپای ئێراقی).

- بەشی وەرزش، خراپ خوویان بە (ڕ) قەڵەوەکەوە گرتووە و، بەرازیل دەکەنە بەڕازیل و عێراق (ڕاستەکەی ئێراقە) دەکەنە عێڕاق؛ فەرەنسایشیان لێ بووەتە فەڕەنسا! قەتەریش بووەتە قەتەڕ! خۆزگە وازیان دەهێنا.

- چی کوڕیژگە و هەرزەکار هەنە، کە خڕ دەبنەوە بۆ تۆپانێ، دەڵێن با بچینە تۆپانێ (لە گەرمیاندا دەڵێن با بچینە تۆپان)، دەیانجار گوێم شل کردووە بزانم کەسیان دەڵێن با بچینە تۆپیپێ، لە کەسیانم نەبیستووە؛ جا ئەم تێکدانە لە پای چی؟ گیرام هێشتا وشەیەکی لەبارمان بۆ بەستکتبۆڵ یان وۆلیبۆڵ دانەهێنابێ، ئەوە نابێتە بیانوو وشەیەکی ڕەسەنی وەک تۆپانێ لە بار ببەین؛ ئەگەرچی ڕەحمەتی مامۆستا مەسعوود محەمەد بە گوێرەی ڕێبازە بەراوردکارییە هەقانەتییەکە، وشەی بۆ ئەو دوو یارییە داهێناوە؛ تۆپەسەبەتانێ (یان سەبەتانێ) و تۆپەدەستانێ. ئەرێ یەکیەتیی تۆپیپێی کوردستان بەر لەوەی ئەم ناوە ناقۆڵایە بنێن بە خۆیانەوە پرسیان بە کەسێکی وا کردووە تۆزێ شارەزای زمان بێ، یان ئەوانیش وەکو زانکۆ پزیشکییەکەی هەولێر پێیان شەرم بووە بە قسەی زمانەوانان بکەن؟ بە سەردەری زانکۆکەوە نووسراوە زانکۆی هەولێری پزیشکی! با واز لەو کەچەوشەیە بهێنین و، بیکەینەوە تۆپانێ. هەندێ کەس بیانووی

بەنیئیسرائیلیانی دەهێننەوە گوایە گەرمیان هێژن تۆپان، دەڤەری سلێمانی دەڵێن تۆپتۆپێن، هەولێر دەڵێن تۆپانێ، جا لەو سیانە کامەیان دابنێین! جا ئەو بەرێزانەی مل بۆ وشەیەکی بێگانە شۆڕ دەکەنەوە و، دەیکەنە تۆپیپێ، با یەکێ لە خۆماڵییەکان هەڵبژێرن.

- کە باسی خولەکان دەکرێ ناشێ بڵێین "خولی تۆپانێی ئینگلیزی!"؛ خۆلی تۆپانێی ئینگلیز؛ خولی تۆپانێی ئیسپانیا؛ خولی تۆپانێی کوردستان.
- وشەی **درێس** لە ئینگلیزیدا واتە **جلوبەرگ،** ئەگەر جلوبەرگ و کراسەکەیشتان پێ شەرمە، یان بە شیاوی نازانن، دەکرێ بیکەینە **پۆشەن**؛ فڵانە یاریزان پۆشەنی ژمارە ئەوەندەی کردە بەر.

٨. هەر وشەیەک بە (واو)ەوە دەست پێبکات هەر بە یەک واو دەنووسرێت؛ بۆ نموونە:

ـ وشە، وڵات، وریا، ورد

٩. واوی درێژ بە دوو واو دەنووسرێت؛ بۆ نموونە:

ـ نووسین، نووسینگە، کەرکووک، مووسڵ، دانیشوو، دانیشتووان

- تێبینی: دیارە لە ڕۆنانی فرمانی ڕابردووی تەواودا ـ بۆ کەسی سێیەمی تاک ـ قەدی چاوگەکە وەردەگرین و، نیشانەی (ووە)ی پێوە دەلکێنین؛ گوتن؛ گوت + ووە= گوتووە، خواردن؛ خوارد + ووە= خواردووە. بەڵام ئەگەر دوا پیتی قەدی چاوگەکە (ی) یان (ا) بوو، هەر (وە)ی پێوە دەلکێنین نەک (ووە). وەکو: بینین (کە دەبێتە بینیوە نەک بینیووە)، سازان (کە دەبێتە سازاوە نەک سازاووە)، بارین (کە دەبێتە باریوە نەک باریووە). دیارە قەدی چاوگی چوون دەبێتە چوو، هینەکەی بوونیش دەبێتە بوو، کەواتە هەر بزوێن واتە (ە)یکیان پێوە نلکێنین تەواوە، واتە چووە و بووە؛ ئیتر پێویست ناکا بیکەینە چوووە یان چووە.

١٠. وشەی نیشتمان لە قەدی کاری 'نیشتن'ـەوە ڕۆ نراوە و، پاشگری 'مان'ـیشی چووەتە سەر؛ نیشت + مان= نیشتمان؛ کەواتە 'نیشتیمان' هەڵەیە؛ چاوەنۆڕ دەکەم هەندێ کەس بڵێن کە نیشت لکا بە مانەوە، تائەکەی بزرۆکەیەک دەگرێ و، دەشێ ئەو بزرۆکەیە بە یائێک نیشان

بدەین و بنووسین نیشتیمان، وەک چۆن لە لاتینەکەدا ئەو بزرۆکەیە بە (i) نیشان دەدەن؛ کەواتە دەشێ لەمەولا لەباتی کوردستانیش بنووسین کوردیستان! وشەی هاووڵاتییش لە دوو بەش پێک هاتووە؛ هاو + وڵاتی= هاووڵاتی؛ کەواتە با لە بەلاش نەیکەینە هاوڵاتی.

١١. وشەی ناسادە ـ چ ناو بێ، چ زاراوە ـ گشت بەشەکانی پێکەوە دەنووسین؛ بۆ نموونە:

ـ ناو وەکو: حاجیئۆمەران، چەمچەماڵ، کانیکەوە، کانیماسی، سپیگرە، بێکەس، پێنجشەممە

ـ زاراوە وەکو: نیشتمانپەروەر، یەکشەوە (مانگی یەکشەوە)، پێنجقۆڵی (دانیشتنێکی پێنجقۆڵی)

١٢. پیتی (ت) لە پاشەڵی فرماندا، بینووسیت و نەینووسی، هەر یەکە؛ بۆ نموونە:

ـ دێ و دەڕوا؛ دێت و دەڕوات.

١٣. ئامرازی بەراوردکاریی (تر، ترین) بە وشەی پێش خۆیانەوەیان دەلکێنین؛ بۆ نموونە:

ـ جوان؛ جوانتر، جوانترین

سەرنج: ئەو (تر)ەی واتای (دیکە) دەگەیێنێت، بە جیا دەنووسرێت؛ بۆ نموونە:

ـ کتێبێکی ترم بدەرێ؛ کتێبێکی دیکەم بدەرێ.

ـ کتێبێکی بەپێز**تر** لەوەی **ترم** بدەرێ.

- سەرنج: ئامرازی بەروارد‌کاریی (ترین)، شوێنی خۆی هەیە و، نابێ بە هەڵە دایبنێین؛ سەیری ئەم ڕستە ناقۆڵایە بکەن: ئەمساڵ زۆرترین وەزیر بانگهێشت کراون بۆ لێپێچینەوە! یان ˚ئەمساڵ کەمترین قوتابی کەوتوونە، یاخود ئەمساڵ زۆرترین باران باریوە! ئەگەر مەبەست بەراورد بە ساڵانی ڕابردووە، دەشێ ئا وەهایان دەربېڕین: هیچ ساڵێ ئەوەندە وەزیرەکان بانگهێشت نەکراون. یان هیچ ساڵێ ئەوەندە قوتابییە دەرنەچوونە. یان هیچ ساڵێ ئەوەندە باران نەباریوە.

١۴. بە داخەوە هەندێ بنووس، وردەوردە جێناوی (خۆ) دەکوژن و، دەیکەنە (خود)؛ لەویش خراپتر، شوێنی دانانەکەیشی نازانن، لە باتی ئەوەی بیخەنە دوای ناوەکەوە، دەیخەنە پیشەوە! بۆ نموونە لە باتی ئەوەی بڵێن "حزبەکان خۆیشیان چاک دەزانن"، دەیکەنە "خودی حزبەکانیش چاک دەزانن". هیچ کوردێکی ڕەسەن تا ئێستا نەیگوتووە "خودی خوا دەیزانێ"! تا بووە وامان بیستووە: "خوا خۆی دەیزانێ".

١۵. نابەجێبەکارهێنانی دەستەواژەی "لە لایەن"؛ کە ئەو دەستەواژەیەیش هاتە ناو ڕستەوە، کاری ڕستەکەیش بە شێوەی بکەرنادیار یاخود کارابزر (مەجهوول) گەردان دەکەن، کەچی بکەری کارەکەیش دیارە! کە بکەر دیار بێ، ئیتر بۆ کارەکەی بکەینە بکەرنادیار؟ بۆ نموونە:

ـ لە لایەن باوکمەوە ئامۆژگاری کرام! مەبەستەکەیش ئەوەندەیە بڵێ باوکم ئامۆژگاریمی کرد؛ یان باوکم ئامۆژگاریی کردم.

ـ کتێبەکە لە لایەن دەزگای ئاراسەوە چاپ کراوە! یانەهای دەزگای ئاراس کتێبەکەی چاپ کردووە؛ کتێبەکە، دەزگای ئاراس چاپی کردووە.

بنووسانی ڕۆژنامەی هەولێر ـ بە تایبەت ئەوانەتان وا بۆ بەشی فەرهەنگ دەنووسن ـ تکایە واز لەو (لە لایەن)ـە بهێنن.

١۶. هەڵەبەکارهێنانی دەستەواژەی **هەردوو**؛ ئازیزان **هەردوو**کە لە جیاتی ناو دانیشت، جێناوە و، دەکەوێتە پاش ناوەوە نەک پێشی؛ کەستان دیوە بڵێ: "هەردوو من و باوکم چووین!" یان ئا وەهاتان بیستووە: "من و باوکم هەردووکمان چووین. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم هەڵەبەکارهێنانە لە بەشی سیاسەتدایە:

ـ هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆ بوونەوە. کەواتە با وای بنووسین: "**مەکتەبی سیاسیی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەردووکیان کۆ بوونەوە**"، یان پێکەوە کۆ بوونەوە.

١٧. با واز لە "ساڵێک پیش ئێستا' و 'دوو ساڵ پێش ئێستا' و 'سێ ساڵ پێش ئێستا بهێنین؛ ئەی کورد مەگەر ناڵێن پار، پێرار، بەسترپێرار؟ دوێنێ و پێرێ و بەسترپێرێیشمان هەیە، ئیتر

پێویست بەوە ناکات بڵێین 'ڕۆژێ پێش ئێستا'، 'دوو ڕۆژ پێش ئێستا' و 'سێ ڕۆژ پیش ئێستا'. هەندێ ناوچەی دەڤەری سلێمانی دەڵێن ئەو **'بەستر'**ە دەکەنە **بەتر**.

١٨. دەستەواژەی 'لە ئێستادا' لاساییکردنەوەی بێگانانە؛ کورد، کورتوپوخت دەڵێن: "ئێستا". ئەگەر مەبەستەکەیش ئا ئەم ئێستایە بێ، دەکرێ بڵێین ئێستاکانێ، یان ئێستاکە، یاخود....

١٩. **مامۆستای ئایینی**، گرێیەکی سەیرە! جا ڕەنگە مامۆستاکە زۆر دینداریش بێ بەڵام هیچ لە ئایین نەزانێ؛ ڕێک وەکو ئەوە وایە بە مامۆستای مێژوو بڵێین **مامۆستای مێژوویی!** نازانم وشەی **مەلا** چە عەیبێکی تێدا بوو کردیانە مامۆستای ئایینی. ئەگەر گەرەکیشمان بێ بە زۆری زۆرداری ئەو گرێیە بچەسپێنین، دەشێ بیکەینە **مامۆستای ئایین** نەک ئایینی؛ کەواتە "**یەکیەتیی مامۆستایانی ئایین**"، ڕاستەکەیەتی.

٢٠. دیارە نیشانەی ناساندن لە هەر زمانێکدا شتێکە؛ بۆ نموونە لە کوردیدا (کە)، لە عەرەبیدا (الـ) و، لە ئینگلیزیدا (The) ـیە؛ لە کاتی وەرگێڕاندا هیچ پێویست ناکا نیشانەی ناساندنەکە وەک خۆی بهێنینە ناو زمانەوە؛ بۆ نموونە یانەی (الاهلی) کە کرایە کوردی دەبێتە (ئەهلی)، ( The Washington Post)، دەبێتە واشینگتۆنپۆست نەک (زە واشینگتۆنپۆست). هەندێ لە برادەرانی بەشی سیاسەت و وەرزش زوو زوو ئەو هەڵەیە دەکەن.

مۆچیارییەکی بنووسەکانی بەشی وەرزش: (لا)، نیشانەی ناساندنە لە زمانی ئیسپانیاییدا؛ کەواتە پێویست ناکا بڵێین **لالیگا** یان **لا لیگا**؛ هەر **'لیگا'**یەکە تەواوە.

٢١. کورد بە (دنیا) دەڵێ دنیا؛ ئەوە عەرەب و تورک و فارسن دەیکەنە دونیا، با ئێمە وای لێ نەکەین.

٢٢. چاوگی گوتن هەر یەک واوی هەیە؛ هەندێ بنووسی بەشی فەرهەنگ و سیاسەتیش دەیکەنە گووتن! لە داخی 'گووتی' و 'گووتیان'ـەکەیاندا سەرم هەندی هەوانەیەکی لێ هاتووە.

٢٣. وشەی (هیچ) و (هەموو) هەر کامێکیان و، واتایەکی تایبەت دەدەنە ڕستە، نابێ بە هەڵە بیانخەینە ڕستەوە: با سەرنجێکی ئەم سێ نموونەیە بدەین:

ـ هیچم نەخوێندووە؛ یانی تەنانەت یەک ڕستەیشم نەخوێندووە.

ـ هەمووم نەخوێندووە؛ واتە هەندێکم خوێندووە.

ـ هەمووم خوێندووە؛ یانەهای هیچم لێ بە جێ نەهێشتووە.

کەواتە (هیچ) هەر لەگەڵ کاری (نەفی)ـدا دێت؛ هەڵبەت جارجارەوله ڕستەی پرسیاریشدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە دەڵێن "ئەرێ هیچ شتێکت ناردووە؟ **هەموو** هەم لەگەڵ نەفیدا دێ هەم لەتەک پێچەوانەکەیدا، بەڵام هەر بارە و، مانای تایبەتی خۆی هەیە.

لاپەڕەی وەرزش زوو زوو ئەو هەڵەیەی تێدەکەویت؛ بۆ نموونە لە ٢٠١٤/١٠/٢١ـدا ئا وەهایان نووسیبوو: گاریس پێکراوە، "بەو هۆیەشەوە پێناچێت بەشداری هەردوو یارییە گەورە چاوەڕوانکراوەکەی یانەی شاهانە بەرانبەر بە لیڤەرپول و بەرشەلۆنە بکات." بە گوێرەی قسەی کابرای بنووس پێناچێت لە هەردوو یارییەکەدا یاری بکات بەڵام ڕەنگە لە یەکێکیاندا گەمە بکات؛ کەچی مەبەستی ئەوەیە پێناچێت لە هیچ کام لە دوو یارییە گەورەکەدا یاری بکات.

بنووسی وام دیوە نووسیویەتی: "هەرگیز دەچم!"، ئیتر نەیزانیوە **هەرگیز** و **هیچ** و لەو بابەتە وشانە، هەر لەگەڵ کاری (نەفی)ـدا دەردەکەون نەک پێچەوانەکەی.

٢٤. کورد بەو ساڵەی هێشتا دانەهاتووە، ناڵێ ساڵی داهاتوو، چونکە هێشتانەکانێ دانەهاتووە تا پێی بێژێ داهاتوو! کۆلکەنووسەران گاڵتەیان بە ئاخافتنی خەڵکی شێخەڵڵادا دێ، بەڵام کەس هەیە هەندی وان ڕەسەن قسان بکا؟ ئەوان بەو ساڵەی هێشتا دانەهاتووە دەڵێن: "ساڵی دادێ"، یان "ساڵی دابێ"، یان "ساڵێکی دی"، یان "ئەم ساڵەکەی تر". ئێستاکە ڕاگەیاندنەکان پەیتاپەیتا دەڵێن "ساڵی داهاتوو"، کەچی هێشتایش دانەهاتووە! ئەگەر داهاتووە چۆن هێشتا دانەهاتووە؟! تکایە کە باسی ساڵی دانەهاتوو دەکەن بڵێن ساڵی دادێ یان ساڵی دابێ، نەک داهاتوو.

٢٥. کە باسی پەکەکە و یەپەگە و هەدەپە و لەو چەشنە ناوە کورتەوەکراوانە دەکرێ، پێویست ناکا بە تیپی لاتین بیاننووسین.

۲۶. کە ناوی ڕۆژنامەیەکی وڵاتێک دەهێنین، ئیتر پێویست ناکا (یائ)ـی نیسبەتی پێوە بلکێنین؛ بۆ نموونە:

ـ ڕۆژنامەی نیویۆرک‌تایمزی ئەمەریکا؛ نەک ڕۆژنامەی نیویۆرک‌تایمزی ئەمەریکایی! ئەگەر مەبەستیشمان بێ ئەمەریکاییبوونەکەی زەق بکەینەوە، دەشێ وشەی ئەمەریکاییەکە بخرێتە پێش ناوی ڕۆژنامەکەوە، واتە: ڕۆژنامەی ئەمەریکاییی نیویۆرک‌تایمز؛ یانیش ڕەوانتری بکەین و بیکەینە ڕۆژنامە ئەمەریکاییەکەی نیویۆرک‌تایمز؛ ئەوە چوار ساڵە ئەمەم بەو بەڕێزە گوتووە کە وای دەنووسێ، بەڵام هەر ها لەسەر بەزمەکەی خۆی!

ـ ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێران؛ نەک ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێرانی! ئەگەر مەبەست زەقکردنەوەی ئێرانیبوونەکەیەتی دەشێ ئا وەهای بنووسین: ڕۆژنامەی ئێرانیی ئیتلاعات. یان لەوەیش جوانتری بکەین و بڵێین: ڕۆژنامە ئێرانییەکەی ئیتلاعات؛ ئەو دارشتنەتان پێ سەیر نەبێ، کورد لەمێژە گوتوویەتی "**شارە جوانەکەی بانە**"؛ بەڵام کەس نەیبیستووە گوتبێتیان **شاری جوانی بانە** یان **شاری بانەی جوان!** جوان ئاوەڵناوی شارەکەیە و، بانەیش ناویەتی. بەشی وەرزش لاسارن و، زوو زوو دەنووسن ڕۆژنامەی سەنی بەریتانی! یان پۆلیسی بەریتانی! مەبەستیش پۆلیسی بەریتانیایە.

۲۷. خاڵبەندی: لێرەدا هەر باسی چەند نیشانەیەکی خاڵبەندی دەکەین:

* خاڵ (.)، ئەم نیشانەیە لە پاشۆڵی ئەو ڕستانەدا دادەنرێت کە مانایەکی تەواو دەدەن بە دەستەوە. کە قسە تەواو بوو، ئیدی خاڵێکی لە پاش دادەنێین؛ نابێ لە بەینی ئاخر وشەی ڕستەکە و خاڵەکەدا هیچ مەودایەک هەبێت.

* بینۆک (،)، بینۆک (فاریزە) لەو شوێنانەدا دادەنرێت، کە خوێنەر دەشێ بین و هەناسەیەک بدات. ئەگەر واوی پەیوەندی و بینۆک گەیشتنە یەک، دەشێ سەرەتا واوەکە دابنێین و پاشان ڕێک لە تەنیشتی واوەکەدا بینۆک (،)ـەکە دابنێین. بۆ نموونە:

ـ خۆم **و،** خۆت؛ هەڵەیە گەر وای بنووسین: خۆم، و خۆت.

سەرنج: لە کرمانجییە خوارنگەکەدا، واوی پەیوەندی هەر بە یەک واوی پەتی دەنووسرێت و نابێ بیکەینە (**وە**)؛ خۆم **و،** خۆت (نەک خۆم، **وە** خۆت)

* دوونک (")، ئەگەر قسەی کەسێک ڕێک وەک خۆی دەگێڕینەوە، دەشێ بیخەینە بەین دوو نیشانەی 'دوونک'ـەوە. نیشانەی دوونک

* کە نیشانەی پرسەک (؟) و سەیرەک (!) دادەنێین، دەشێ ڕێک بە پاڵ وشەکەی پێش خۆیانەوە دایانبنێین؛ نابێ مەودایان بکەوێتە بەین. بەڵام لەگەڵ پاش خۆیدا دەشێ مەودایەکیان هەبێت.

* کە جووتەخاڵ (:) دادەنێین دەشێ ڕێک لە تەنیشت وشەکە پێش خۆیدا دایبنێین، بەڵام لەگەڵ وشەکەی پاش خۆیدا بەینێکی هەبێت. بۆ نموونە:

ـ کابرا دەیگوت: "من خەمی زمانی کوردیمە."

جووتەخاڵ (:)ـەکە ڕێک لە پاڵ وشەی (دەیگوت)ـدا دانیشتووە.

* کە نیشانەی دوونک یاخود گێڕانەوە (" ") دادەنێین، دەبێ لەگەڵ وشەکانی دەرەوەی خۆی، جا چ پێشی بێ، چ پاشی، یەک مەودای هەبێ، بەڵام لەگەڵ سەرەتا و بنەتای ئەو ڕستەی وا دەکەوێتەن ناویەوە هیچ مەودایەکی نەبێ. بۆ نموونە:

ـ دایکم ئا وەها ئامۆژگاریمانی دەکرد: "سەر بۆ خوا بنێنەوە."

سەرنج بدەن نیشانەی (") نەلکاوە بە جووتەخاڵ (:)ـەکەوە. بەڵام ڕێک لە تەنیشت وشەی (سەر)دا دانیشتووە. لەو لایشەوە ڕێک لە تەنیشت خاڵی کۆتاییدا دانیشتووە.

٢٨. شێوازی نووسینی ژمارە؛ لە ژمارەی نین (سفر) و یەکەوە هەتا ژمارە دە، وا جوانترە هەر بە پیت بیاننووسین نەک بە ژمارە؛ نین، یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەفت، هەشت، نۆ و دە. ژمارەی گەورە وا باشە هەر بە ژمارە بنووسرێت. بۆ نموونە:

ـ ٣٧٤٩، گەلێ ناشیرینە بیکەینە ٣هەزار و ٧٤٩، وا نییە؟

ـ ئەگەر هات و، ژمارەیەکی **'لەدەگەورەتر'**یشمان بە پیت نووسی، دەشێ هەموو کەرتەکانی پێکەوە بێ، نەک جیاجیا؛ بیستوچوار، نەک بیست و چوار. سێهەزار نەک سێ هەزار. حەفتملیۆن نەک حەفت ملیۆن.

ـ وشەی (حەفتە) لە ژمارەی (حەفت)ـەوە ڕۆنراوە و ناشێ بیکەینە (هەفتە). تەنانەت لە کوردستانی باکووریشدا کە زۆر نەرموناسک قسان دەکەن، هەر بە (ح) دەریدەبڕن، نەە (ھ)، تەنانەت (هەشت)ـیش دەکەنە (حەشت).

٢٩. با واز لە وشەی**قەزا** و **ناحیە** بهێنین؛ قەزا، شارۆچکەیە و، ناحیەکەیش شارەدێیە. جێی خۆیەتی باسێکی وشەی '**شارەوان**'یش بکەین؛ شارەوان واتە سەرۆکی شارەوانی. کە وشەیەکی ئا وا ناسک و کورتوپوختی وەک '**شارەوان**'ـمان هەبێ، ئیتر پێویست ناکا بنووسین **سەرۆکی شارەوانی**.

٣٠. وەکو، بەڵکو و لەو بابەتە وشانە، پاشەڵەکەیان هەر بە یەک واو دەنووسرێت، نەک دووان؛ وەکوو و بەڵکوو، بە دوو واوی کۆتایی، گرانکردنێکی بەلاشە.

٣١. وشەی بەروار، ڕێکەوت (تەئریخ) ناگرێتەوە؛ بەرواری، ناوی ناوچەیەکە؛ کەواتە با هەر '**ڕێکەوت**'ـەکە بنووسین.

٣٢. **دوورخستنەوە** واتای لەکارلادان و دەرکردن ناگەیێنێت؛ کە نووری مالیکی لە کار لا درا، بۆ ئەوە ناشێ بڵێین لە پۆستەکەی دوور خرایەوە! دوورخستنەوە زیاتر بۆ (**شاربەدەرکردن**) یاخود (نەفیبەلەد)ە عارەبییەکە و، (تەبعید)ە فارسییەکە دەست دەدات، تازە هێشتا شاربەدەرکردنەکەیش بە تەواوەتی ناپێکێت. لە گۆرانییەکی سەرزاراندا هەمانە دەڵێن:

**ئەو لایەش بەرکنار بی**

**نۆرەی شێری جەبار بی**

دەکرێ دەستەواژەی '**بەرکنارکردن**' بهێنینە بواری سیاسەتیشەوە؛ بۆ نموونە بڵێین:

ـ مالکییان بەرکنار کرد؛ ڕەنگە 'عەبادی'یش بەرکنار بکرێت.

٣٣. کورتەڕستەی '**پێموانییە'** بۆ ئەوە ناشێ هەموو کەرتەکانی بلکێنین بە یەکدا؛ نموونەی تریش هەن، لەوانە: **پێت وا نەبێ** (نەک پێتوانەبێ)، لام وایە (نەک لاموایە)، پێمان وا نییە (نەک پێمانوانییە)، بە لامەوە وایە (نەک بەلامەوەوایە)؛ ئەو کورتەڕستانە بێجگە لەوەی هەموو ڕەگێکی پێکهێنەری ڕستەیان تێدایە و، بۆ ئەوە ناشێن بیاندەین بە دەم یەکەوە، لە دیمەنیشدا زۆر شپرز دەردەکەون، ئەگەر پێکەوەیان بنووسکێنین. (نووسکاندن؛ نووساندن)

ـ ئەگەر بڕیار بێ '**پێم وا نییە'**، هەمووی بەسەر یەکەوە بێ دەشێ ڕستەی 'پێت چۆنە'یش هەمووی بلکێنین بە یەکا و، بیکەینە **پێتچۆنە!** یان ڕستەیەکی وەکو **پێمانخۆشە**، هەرهەمووی بلکێنین بە یەکیا و، بیکەینە **پێمانخۆشە!**

٣٤. تکایە با بەشی سیاسەت واز لە وشەی (کۆنترۆڵ) بهێنن؛ داعش مووسڵی داگیر کردووە دەڵێن مووسڵی کۆنترۆڵ کردا پێشمەرگە شوێنە داگیرکراوەکان دەگرێتەوە، دەڵێن کۆنترۆڵی کردەوە! لە بەشی جڤاک و تەندروستییشدا بنووس لە باتی ئەوەی بنووسێت: "بەری خۆی پێ ناگیرێت، یان ناتوانێ خۆی ڕاگرێت"، دەنووسێ: "کۆنترۆڵی خۆی پێ ناکرێت!"

٣٥. زۆر کەس لە خۆڕا فێرەی دەستەواژەی "**هەستا بە**" بوونە؛ ڕێک هەر (قام باجرائ)ـە عارەبییەکەیە. لە جیاتی ئەوەی کوردوکرمانجی بڵێن: "کابرا فڵانە کاری کردووە"، دەنووسن "کابرا هەستاوە بە کردنی فڵانە کار."

سەرنج: خۆی ئەو **هەڵسانە**، لە زمانی کوردیدا ڕەگی هەیە، بەڵام چۆن؟ دەشێ ئا وەهای دەربڕین:

ـ ئێمە هەڵساین چووین بۆ ماڵی کابرای. (نەک هەڵساین بە چوون بۆ ماڵی کابرای.)

ـ سەدام هەڵسا پێنجهەزار گوندی وێران کرد. (نەک سەدام هەڵسا بە وێرانکردنی پێنجهەزار گوند.)

سەیری ئەو نموونە سەیرەی ڕۆژنامەکەی خۆمان: "شارەوانی هەڵدەستێ بە پاککردنەوەی تەواوی شەقام لە پیسی و زبڵ!"

٣٦. نابێ چاوگی (کردن) بکەینە (ئەنجامدان)؛ لە ناو فارسەکاندا **'کردن'** مانای خراپیشی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە ئەو ئەنجامەیان پێوە لکاند و، کردیانە ئەنجامدان. ئەنجام، تەنیا بۆ 'ئاکام'ـە و بەس. نموونە:

ـ دوو تیپ یاری دەکەن، نەک دوو تیپ یاری ئەنجام دەدەن! بەشی وەرزش زوو زوو وای دەنووسن.

ـ کار دەکەم؛ نەک کار ئەنجام دەدەم!

٣٧. بێجگە لە ناوی 'یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان'، کە ناوێکی کۆکە و، جارێ ناکرێ دەسکاری بکرێت، وشەی یەکیەتی بە (یەتی) دەنووسرێت نەک بە (ێتی) یان (یێتی).

٣٨. (بۆتە) و، (بۆتەوە) و، (کردۆتەوە) خۆی ئا وەهانە: (بووەتە) و، (بووەتەوە) و، (کردووەتەوە)؛ دەشێ بەو شێوەیە بیاننووسین؛ بۆ؟ خۆی ئەگەر **بۆتەوە** ڕەسەن بووایە، دەشێ لە جیاتی (بووە)یش بنووسین (بۆە)؛ دیارە هەر دەریش نابڕدرێت.

٣٩. وشەی (کەر)، ڕەگی چاوگی (کردن) یان بە هەورامییە ڕەسەنەکە (کەردەن)ـە؛ کە هەردوو نیشانەکەی چاوگ، واتە (دن) یاخود (دەن)ـەکەی لێ بکەینەوە، دەبێتە (کەر). کە ئەو ڕەگە، لکا بە وشەیەکەوە، ناوی کارامان دەداتێ؛ **نوێژکەر** (کەس ناڵێ نوێژکارا!)، **سەیرانکەر** (نەک سەیرانکار)، **تەماشاکەر** (نەک تەماشاکار)، **فێرکەر** (نەک فێرکار)، **ڕزگارکەر** (نەک ڕزگارکار).

- پیتی (ڕ؛ قەڵەو) لە هەر شوێنێکی وشەیشدا بێ، هەر چوکڵەکەی لە بندا دادەنێین، با لە سەرەتای وشەیشدا بێ؛ ڕاست، ڕەزا، ڕەستگار.
- واوی کورت هەر بە یەک واو دەنووسرێت نەک دووان؛ گوتن (نەک گووتن). واوی درێژ بە دوو واو دەنووسرێت؛ بوودجە (نەک بودجە)، مووچە (نەک موچە)، نووسین (نەک نوسین).
- پیتی (ع)، پیتێکی داسەپاوە، هەتا بتوانین خۆمانی لێ بپارێزین باشترە. ئێراق (نەک عێراق).

- پیتی (ص) پیتێکی تەواو بێگانەیە؛ هەر وشەیەکی (صاد)داری عارەبی دێتە ناو کوردییەوە، صادەکەی دەبێتە (س)؛ میسر (نەک میصر)، سدیق (نەک صدیق)

تێبینی: هەندێ نووسەر دەیانەوێ فیزی عارەبیزانیمان بەسەردا بکەن، دەنووسن (صەدیق)؛ خۆی سەدیق لە عەرەبیدا واتە هاوڕێ، سدیقەکەیش واتە ڕاستگۆ؛ کورد لە خۆشەویستیی یەکەم خەلیفەی ئیسلامدا سدیقی کردە ناو بۆ خۆی نەک سەدیق. پاشانیش شێوازی (ئیعرابکردنی وشە) لە زمانی عەرەبیدا نابێ بێتە ناو کوردەوە؛ هەروەک چۆن ئەوانیش هی خۆمانیان پێ هێچە؛ ناوێکی خۆشی وەک (گوڵخاتر)، لە عەرەبی و فارسییشدا دەیکەنە (گولخاتر)؛ دیارە گول نەخۆشە و، ڕێک پیچەوانەی گوڵە.

- هەندێ وشە لە زمانی کوردیدا یان هەر خۆیان 'کۆ'ن، یان لە شوێنی پێویستدا واتای کۆ دەگەیێنن، هەربۆیە پێویست ناکا نیشانەی کۆیان پێوە بلکێنین؛ نموونە:

ـ خەڵک؛ خەڵک هاتوونە یام نە؟

ـ چاو؛ پێ؛ دەست؛ چاوی پڕ بوو لە فرمێسک؛ ئیتر پێویست ناکا بڵێین چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک.

تێبینی: ئەگەر مەبەستمان بێ جەخت لە هەردوو چاو، بکەین، ئا وەهای دەردەبڕین: هەردوو چاوی پڕ بوو لە فرمێسک.

ئاگادار بن لەم دۆخەیشدا نابێ کاری ڕستەکە بکەینە کۆ؛ کەواتە 'هەردوو چاوی پڕ بوون لە فرمێسک' نادڕەسەنە؛ ڕەنگە بڵێن ئەی نابێ کار و کارا لەگەڵ یەکدا بگونجێن؟ بەڵێ وایە! بەڵام لە بیرمان نەچێ مرۆڤ گەورەیە، کە هاتە بەین، خۆی گرنگترە لە هەردوو چاوی یان هەردوو دەستی یان ئەو کەلوپەلەی دێتە بەر باس؛ چونکە کابرا هەر یەک کەسە، کەواتە کارەکەیشی هەر بە تاک دێتەوە.

- ناوی چاوگ دەتوانێ، کاری چاوگمان بۆ بکات؛ کوشتوبڕ واتە کوشتنوبڕین، قبووڵ واتە قبووڵکردن، هاتوچۆ واتە هاتنوچوون؛ کەواتە با واز لە درێژداڕی بهێنین: کەواتە لە جیاتی ئەوەی بڵێین "مایەی قبووڵکردن نییە"، هەر بیکەینە "مایەی قبووڵ نییە"، ڕێک و ڕەوان.

- نیشتمان ڕاستە، نەک نیشتیمان؛ نیشت + مان = نیشتمان.
- وشەی **حزب**، وا باشترە هەر بە **حزب** بینووسین، نەک حیزب.

٤٠. لەم بەشەی کوردستاندا ناوە سریانییەکەی مانگەکان باوە؛ ئەو بەڕێزانەی لە زمانی ئینگلیزی یان فارسی یان عارەبی بابەت وەردەگێڕنەوە، دەشێ ناوی مانگەکانیش بکەنەوە سریانی؛ بۆ کارئاسانی ئەو خشتانە دەخەمە بەر دەستی جەنابتان:

| ڕیزبەند | ئینگلیزی | سریانی | ڕۆژ |
|---|---|---|---|
| ١ | January | کانوونی دووەم | ٣١ |
| ٢ | February | شوبات | ٢٨یان ٢٩ |
| ٣ | March | ئادار | ٣١ |
| ٤ | April | نیسان | ٣٠ |
| ٥ | May | ئایار | ٣١ |
| ٦ | June | حوزەیران | ٣٠ |
| ٧ | July | تەمووز | ٣١ |
| ٨ | August | ئاب | ٣١ |
| ٩ | September | ئەیلوول | ٣٠ |
| ١٠ | October | تشرینی یەکەم | ٣١ |
| ١١ | November | تشرینی دووەم | ٣٠ |
| ١٢ | December | کانوونی یەکەم | ٣١ |

| سریانییە باوەکە | ئینگلیزییەکەی | دەربڕینە فارسییەکەی | دەربڕینە عەرەبییەکەی | ئارامییەکەی | دەسپێکی لە مانگە فارسییەکاندا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. کانوونی دووەم | **January** | ژانویە | ینایر | کانون‌الثانی | 12 دی |
| ٢. شوبات | **February** | فوریە | فبرایر | شُباط | 13 بهمن |
| ٣. ئادار | **March** | مارس | مارس، مارت | آذار | 11 اسفند |
| ٤. نیسان | **April** | آوریل | آبریل | نیسان | 13 فروردین |
| ٥. ئایار | **May** | مە | مایو، مایس | أیّار، آیار | 12 اردیبهشت |
| ٦. حوزەیران | **June** | ژوئن | یونیو، یونیة | حَزیران | 12 خرداد |
| ٧. تەمووز | **July** | جولای، ژوئیە | یولیو | تمّوز | 11 تیر |
| ٨. ئاب | **August** | آگوست، اوت | آغُسطُس،اغسطس | آب | 11 امرداد |
| ٩. ئەیلوول | **September** | سپتامبر | سبتمبر | أیلول | 11 شهریور |
| ١٠. تشرینی یەکەم | **October** | اکتبر | اکتوبر | تشرین‌الأول | 10 مهر |
| ١١. تشرینی دووەم | **November** | نوامبر | نوفمبر | تشرین‌الثانی | 11 آبان |
| ١٢. کانوونی یەکەم | **December** | دسامبر | دیسمبر | کانون‌الأول | 11 آذر |

٤١. ئەگەر بمانەوێ گرێیەکی ناوی (مضاف و مضاف‌الیە) و گرێی ئاوەڵناوی (صفت و موصوف؛ صفە وموصوف) تێهەڵکێش بکەین و، بیکەینە گرێیەکی ئاوەڵناوی‌ناوی، دەشێ چۆن‌چۆنی ئەو کارە بکەین؟ با بە نموونەیەک کارەکە سادەتر بکەینەوە؛ شاری هەولێر (گرێیەکی ناوی)، شاری گەورە (گرێی ئاوەڵناوی)؛ شاری هەولێر، شارێکی گەورەیە؛ ڕۆژنامەی هەولێر، ڕۆژنامەیەکی کوردییە؛ ڕۆژنامەی واڵستریت‌ژۆراڵ ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکاییە؛ یانەی ڕیاڵ‌مەدرید، یانەیەکی ئیسپانیاییە؛ شاری سلێمانی، شارێکی حەیاتە؛ دەکرێ بە سێ شێواز، کارەکەمان ڕێک بخەین؛

- (١) شاری هەولێری گەورە، (٢) شاری گەورەی هەولێر، (٣) **شارە گەورەکەی هەولێر**
- (١) ڕۆژنامەی هەولێری کوردی، (٢) ڕۆژنامەی کوردیی هەولێر، (٣) **ڕۆژنامە کوردییەکەی هەولێر**
- (١) ڕۆژنامەی واڵستریت‌ژۆرناڵی ئەمەریکایی، (٢) ڕۆژنامەی ئەمەریکاییی واڵستریت‌ژۆرناڵ، (٣) **ڕۆژنامە ئەمەریکاییەکەی واڵستریت‌ژۆرناڵ**
- (١) یانەی ڕیاڵ‌مەدریدی ئیسپانی (ئیسپانیایی)، (٢) یانەی ئیسپانیی ڕیاڵ‌مەدرید، (٣) **یانە ئیسپانیاییەکەی ڕیاڵ‌مەدرید**

- (١) شاری سلێمانیی حەیات، (٢) شاری حەیاتی سلێمانی، (٣) **شارە حەیاتەکەی سلێمانی**

سەرنجێکی نموونەکان بدەین و، تۆزێکیش زمانی خەڵکە ڕەسەنەکەی خۆمان بێنینەوە یاد، بە جوانی بۆمان دەردەکەوێت ژمارە یەکەکان هەر بە یەکجاری لە ڕاستەڕێی ڕێزمانی کوردی لایان داوە؛ دووەمەکەیان چکێ باشترە؛ سێمینەکەیشیان ڕێک ئەوەیە وا لە ناو خەڵکدا باوە.

٤٢. ناوی کەسێکی پلەوپایەدار، بەر لە ناوی پلەوپایەکەی دەنووسین؛ **باراک ئۆباما سەرکۆماری ئەمەریکا** (نەک سەرکۆماری ئەمەریکا باراک ئۆباما)، **نەنگلا مێرکڵ سەرشالیاری ئەڵمانیا** (نەک سەرشالیاری ئەڵمانیا ئەنلا مێرکڵ)

- کارم بە عەرەبستانییەکانەوە نییە بە سەرۆکی دەوڵەتێکی زلهێزی وەکو ئەڵمانیا دەڵێن "**مستەشار**؛ ڕاوێژکار"،ئێمەی کورد بۆ بکەوینە شوێنی ئەوان بڵێین گەورەڕاوێژکار؟! شالیار واتە وەزیر؛ **سەرشالیار**، ناوێکی بەجێیە بۆ ئەنگلا مێرکڵ؛ ئاخر وەزیرەکانی لە بن دەستدایە و، سەرۆکیانە.
- سەرکۆمار لە سەرۆککۆمار کورتوپوختترە. کەواتە با واز لە وشەی سەرۆککۆمار بهێنین.
- ناوی **'بەریتانیا'**یش هەر وەک دەربڕینەکەی لە باشووردا دەینووسین و نایکەینە بریتانیا.

٤٣. لە ڕاپۆرتەکاندا کە ناوی کەسێک دێت و، پێویست دەکات کار و پیشە یان شوێنی ژیانەکەیشی زەق بکرێتەوە، دەکرێ ناوی پیشەکەی یان شوێنی ژینەکەی بخەینە ناو دوو خیزەک واتە (ـ)ـەوە؛ نموونە:

- بارزان زەنگەنە ـ خوێندکاری زانکۆ ـ دەڵێت: "....."
- دەکرێ بەبێ ئەو خیزەکەیش بینووسین و بڵێین: بارزان زەنگەنە خوێندکاری زانکۆ دەڵێت: "...."

- گەلێ ناشیرینە بڵێین: بارزان زەنگەنە خوێندکاری زانکۆیە و دەڵێت: "...."
- دادە شیرین ـ خەڵکی سۆران ـ گوتی: "...."
- کاوێس‌ئاغا ـ شوفێرتەکسی ـ دەیگوت: "...."

٤٤. کورد بەو ئافرەتەی کاری ماڵەوە دەکا، دەڵێ **بنەوان** یان **بنەوانە**؛ تکایە مەیکەنە ژنی ماڵەوە!

٤٥. ئەوی وشەی 'مەدەنی' چی لێ بکین؟ کورد لە زووەوە بەو کەسەی کاری بە شەڕەوە نییە دەڵێ **لاشەڕ**؛ کەواتە ئەگەر ویستمان بڵێین دوو سەرباز و سێ مەدەنی کوژران، دەکرێ وای بڵێین: **دوو سەرباز و سێ لاشەڕ کوژران**؛ سێ ناوچەی لاشەڕنشینیان بۆردوومان کرد.

٤٦. گەر ویستمان ناوی پلەوپایەکەی کابرایەکی پلەدار بخەینە دوای ناوەکەیەوە، ناشێ (ی) بکەوێتە بەینیان؛ ئەردۆغان سەرکۆمار (نەک ئەردۆغانی سەرکۆمار)، هۆشیار زێباری وەزیری دارایی (نەک هۆشیار زێباریی وەزیری دارایی)؛ لە کەستان بیستووە بڵێ "قادری سەرتاش"؟ یان سەنعانی قەساب؟ تۆزێک سەرنجی زمانی خەڵک بدەن، با لەو (ی)یە ڕزگارتان ببێ و لێتان ئاڵۆز نەبێ.

٤٧. بەکارهێنانی وشەی (چانس) قەدەغەیە؛ کورد دەڵێ (بەخت). بۆ هەندێ شوێنیش دەکرێ بیکەینە (هەل) یان (دەرفەت).

٤٨. تکایە (سنا) و (سینا) تێکەڵ مەکەن؛ (سنا) ناوی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەندێ لە وڵاتانی دنیایە، بەڵام (سینا) ناوی بیاوانێکە لە میسردا.

٤٩. تکایە با (عەممان؛ ئەممان) و (عومان)یشتان لێ تێک نەچێ؛ ئەممان یان عەممان ناوی پایتەختی ئەردەن (ئوردون)ـە، بەڵام (عومان) ناوی وڵاتێکی عەرەبنشینە دەکەوێتە بەینی

ئیمارات و یەمەن و عەرەبستانەوە؛ ئەو دەریایەیش وا دەکەوێتە بەینی زەریای هیند و کەنداوەوە، ناوی عومانە.

٥٠. عەرەبەکان کە ناوی زەریاکانی دنیا دەهێنن، بە گوێرەی دەمورِاوێژی خۆیان (ی)یـەکیان پێوە دەلکێنن؛ بۆ نموونە دەڵێن: زەریای هیندی، زەریای ئەتڵەسی و، ....؛ لە کوردیدا پێویست بەو یائە ناکات؛ زەریای ئەتڵەس، زەریای هیند. زەریا گەلێ لە دەریا گەرەترە.

٥١. واز لە وشە ناقۆڵاکەی (پرۆسە) بهێنن؛ بنووسێکی نووسیبووی: "ئوکرانییەکان دوو پرۆسەی هەڵبژاردنیان ئەنجام دا"! ئەوە هیچ وشەی ئەنجامەکە زۆر نالەبارە، پرۆسەکەیش زیادەیە؛ خەڵکی ئوکراین دوو هەڵبژاردنیان کرد. ڕەنگە لێم بێنە دەنگ بڵێن هەندێ کار ڕەتێکە و بە ڕۆژێک و دووان تەواو نابن، بەندەیش وەبیرتانی دەخەمەوە ژنهێنان و شووکردنیش ماوەیەکی پێ دەچێ، بەلام هیچ کوردێک نەیگوتووە **پرۆسەی ژنهێنانم ئەنجام دا**؛ کە باسی ئازادکردنی ئێراقیش دەکرێ پێویست ناکا بێژین لە پرۆسەی ئازادکردنی ئێراقدا.

٥٢. پێشمەرگە بە (میحوەر)ی شەڕ دەڵێن قۆڵ، ئێمە خۆ لەوان شەڕکەرتر نینە؛ واز لە وشەی میحوەر بهێنن.

٥٣. کە کورتەوەکراوی ناوی دامودەزگایەک دەنووسین دەشێ کەرتەکانی لە نزیک یەکەوە بنووسین، بەبێ ئەوەی بیانلکێنین بە یەکدا؛ ئێن‌ئێن‌ئەی (نەک ئێن ئێن ئەی)، بی‌بی‌سی (نەک بی بی سی)، سی‌ئێن‌ئێن (نەک سی ئێن ئێن)، کەی‌ئێن‌ئێن (نەک کەی ئێن ئێن)؛ لە بڕگەی ژمارە سێی ئەم نامیلکەیەدا باسی چۆندانانی ئەو نیومەودایەم کرد، بەڵام با دیسان بیڵێینەوە: دوو ڕێگای هەیە:

١. ئەو بەڕێزانەی بە تەختەکلیلە باوەکان دەنووسن، دەتوانن بە کلیلی (کۆنترۆڵ) و کلیلی خیزەک (ئاندرلاین)، کارەکەیان بکەن؛ (-) + (Ctrl)

٢. ئەو بەڕێزانەیش وا بە تەختەکلیکی یوونیکۆد دەنووسن، دەتوانن بە کلیلی شیفت (Shift) و، پیتی (H)، ئەو نیومەودایە دابنێن.

٥٤. وا باوە ئەگەر ناوێکی بیانی هاتە ناو زمانێکەوە، چۆنیان پێ دەربڕا، هەر وایشی دەنووسنەوە، نەک ڕێک وەک بیانییەکان خۆیان؛ بە تایبەت ئەگەر شێوازی دەربڕینەکە شوورەیی بوو دەشێ وای بگۆڕن ئەو شوورەییەی پێوە دیار نەمێنێت؛ ئەم پەنێرە 'کیری'ـیەی تورکیا دەچێتە ئێرانیش، بەڵام ئێرانییەکان لەبەر عەیبە، کردوویانە بە **کیبی**. هەقە خۆیشمان ئیتر نەنووسین 'جۆن کیری'، بە تایبەتی کە ئەمەریکاییەکان خۆیشیان ناڵێن کیری، ئەوە عەرەبە دەیکاتە کیری؛ با خۆمان هەر بکەینە **کری**.

٥٥. دەستەواژەی 'لە ڕابردوودا' و 'لە داهاتوودا' و 'لە دادێدا'، زۆر ناپێویستە؛ با بیانکەینەوە **ئەوسا** و **ئێستا**.

٥٦. قران و قڕان دوو وشەی جیانە؛ قران یەکەی پارەیە و، قڕان واتە قڕانتێکەوتن و دوابڕانەوە.

٥٧. کورد هەر لە کۆنەوە بۆرەی سەر یەکەم پیتی ئەو وشە غەوارانەی خستووە وا بوونەتە میوانی زمانەکەی؛ 'موستەفا'ی کردووە بە **مستەفا**، **'موحەممەد'ی** کردووە بە **محەمەد**، 'موئەییەد'ی کردووە بە **مئەیەد**، 'مولک'ـی کردووە بە **مڵک**، 'مودیر'ی کردووە بە **مدیر**، 'موزەففەر'ی کردووە بە **مزەفەر**؛ تکایە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەن.

٥٨. چاوگی توانین، لە دۆخی ڕابردوودا، بۆ کەسی سێیەمی تاک، بە دوو (ی) دەنووسرێت؛ ئەو هونەرمەندە توانیی بگاتە ئامانجی خۆی.

٥٩. ئامرازی **بۆ**، بۆ هەموو شوێنێک دەست نادات؛ کە دەڵێین "یەک **تا** نۆ بژمێرە"، دەشێ هەر بە ئامرازی **تا**، ڕێکی بخەین؛ نەک ئەوەی بڵێین یەک **بۆ** نۆ بژمێرە!

ـ ئەگەر دوو ژمارەکە بە دوای یەکەوە بوون، ئەو ئامرازی 'تا'یەیشی پێ ناوێ؛ بۆ نموونە:**دوو سێ ساڵی دیکە**، نەک دوو بۆ سێ ساڵی دیکە.**دووسەد سێسەدهەزار کەسێک ئاوارە بوونە**، نەک دووسەد بۆ سێسەدهەزار کەس ئاوارە بوونە.**سەدا سێ چوارێکی خەڵکی نەخۆشن**، نەک سەدا سێ بۆ چواری خەڵک نەخۆشن.

٦٠. وتەبێژ، وتەبێژە، ئیتر دەستەواژەیەکی ئەڵاجەوی و ناقۆڵای وەک 'وتەبێژ بە ناوی' لە کوێوە هات!؟

٦١. **شانۆ**، تیاترۆیە، شانۆگەری، کارەکەیەتی؛ کە باسی شانۆیەک دەکەن هەر بنووسن شانۆی فلان، نەک شانۆگەریی فلان.

٦٢. کاتژمێر، ئەو ئامێرەیە وا کاتمان بۆ دەژمێرێت؛ ئەگەر باسی کات دەکەن هەر بڵێن کات نەک کاتژمێر؛ وشەی سەعاتیش چ عەیبی نییە. کاتی مەلابانگدان، نەک کاتژمێری مەلابانگدان!

٦٣. کە ناوی چاوگمان هەبێ، پێویست ناکا بیکەینە چاوگ؛ بۆ نموونە: نوێژ باشە، واتە نوێژکردن باشە؛ ئیتر پێویست ناکات کردنەکەی پێوە بلکێنینەوە. پشتیوانی لە پێشمەرگە ئەرکی سەرشانە، نەک پشتیوانیکردن لە پێشمەرگە ئەرکی سەرشانە. هەست بە بەرپرسیاریەتی، نەک هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی. خۆی ناوی چاوگ بۆ ئەوەیە لە جیاتی چاوگدا دابنیشێت.

بە سپاسەوە

رزگار (محەمەدئەمین ڕەستگار)

٧ی سەرماوەزی ٢٧١٤ی کوردەواری

•